# یەکێتی پاش 32 ساڵ

**سامان کەریم**

کفری

ئەگەر لە پارچەکانی تریش گەڕێم و تەنها چەند لاپەڕەیەکی کەمی ئەم پارچەیەی وڵات شەن و کەو بکەم, تەمەنی شۆڕش و خەبات و قوربانییەکانی کورد لە چێوەی مێژوویەکی دوو و درێژدا دەبینرێتەوە..

میرنشینە کوردییەکانی بابان و سۆران و بۆتانیش بەدەوری خۆیان و لە زەمانی خۆیاندا (سەرەڕای هەموو تێبینییەك لەسەر ئەدائی میرایەتی و حوکمڕانیان) چەند لاپەڕەیەکی نوێی دیرۆکی کوردیان لە خەباتدا بەرجەستەکردوە.. شێخ مەحمود سالانێك زۆر شەڕی تورك و ئینگلیزی کردوە و حوکمداریشی ڕاگەیاندوە و دانیش بە فەرمانڕەوێتییەکەیدا نراوە.. شێخ ئەحمەدی بارزانی و شێخ سەلامی بارزانی و تا مەلا مستەفای بارزانیش نکوڵی لە ڕۆڵ و ئازایەتیان ناکرێت لە کوردستاندا, با خەوشیشیان هەبووبێت و با ناکاملیش بووبێتن.. لێ, ئەگەر بە فیتی زەمانە بێت, یاخود خراپی ئەدائی سیاسییانەی ئەو سەرکردانە بێت, یان بە تاوانی دوژمنکارانەی دووژمنە زۆر و زەوەندەکانی کورد, ڕەنجی ئەوان نەگەیشتە بەرکردن و لێیان نەخوارد..

شۆڕش دوای شۆڕش شکستی هێنا, بەڵام کورد شۆکی دانەدا, کاروان گەیشتە دوای هەرەسی 1975 و تەقینەوەی جارێکی تری بورکانی ڕقی پێشمەرگەی کورد..

لە ناوەڕاستی ساڵی حەفتا و پێنجی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێك لە سیاسییەکانی ناو پارتی (جاران) و چەپەکانی کۆمەڵە یەکیان گرت و (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)یان دامەزراند.. دامەزراندنی یەکێتی لەو قۆناغەدا گرنگ و بە بایەخ بوو بۆ بانگدانەوەی شۆڕش و وەستانەوەی دژ بە نشوست..

من ئەمەوێ بڵێم یەکێتی دەتوانێ شانازی بەوەوە بکات کە خەباتەکەی ئەو بە جیاواز لەگەڵ ئەوانی پێشتردا, بەری هەبوو, خۆی بەری ڕەنجەکەی بینی! بەڵام ئەوەش ناشارمەوە کە بە باشی بەری ڕەنجەکەی ئەخوات!!

ئەمساڵ تەمەنی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە سیاسییەی کورد دەبێتە 32 ساڵ, لە دۆخێکی پڕ تەنگژە و تا ڕادەیەك قەیرانی سەختدا یادەکەی دەکاتەوە.. ئەو ڕووداوانەی لە دەرهاویشتەکانی هەڵبژاردنی ئەمدوایەی کەوتەوە, مەترسیدارن بۆ سەر ئایندەی یەکێتی! تەکەتولبازی و دەستەگەری و پێڕ پێڕایەتی و کۆمەڵێك دەلالاتی لەو چەشنە, ئاییندەی سیاسیانەی ئەم ڕێکخراوە ڕوون ناهێڵێتەوە..

پرسیار ئەوەیە, لە سی و سێ ساڵەی یادکردنەوەی یەکێتیدا, هەمان یەکێتی دەبێت, یان دەگەڕێتەوە بۆ لێکهەڵوەشانەوەی ئەو باڵانەی لە حەفتا و پێنجدا نیمچە بەرەییان پێکهێنا؟!..

⋆ ئەم بابەتە لە گۆشەی (لە دیرۆکەوە)ی مانگنامەی (ئایندەی گەرمیان) بلاوبۆتەوە..